## 3- کاریگەریەکانی تاوانناسی

**یەکەم: لەسەر سزاناسی:**

- ئیشی سەرەکی سزاناسی ئەوەیە چاکترین شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباران بدۆزێتەوە، واتە بە چ شێوازو ڕێگەیەك ئەو سزایە بەسەر تاوانبار جێبەجێ بکرێ کە دادگا بەسەری دەسەپێنێ بەچەشنێك وای لێبکا بگەڕێتەوە سەر خەتی ڕاست و ببێتەوە مرۆڤێکی ساڵح و جارێکی تر تاوان نەکات. بۆ نموونە سزای بەندکردن وەربگرە، دەبینی سزاناسی لەوە دەکۆڵێتەوە ئایا ئەم سزایە چۆن جێبەجێ بکرێ؟ تاوانبار لەکوێ بەند بکرێ؟ بەندیخانەکە دەبێ چۆن بێ و، ژوورەکانی چۆن بن و چەند پەنجەرەو گڵۆپ و کەلوپەلی تریان تێدا بێ، بەندکراو چ جۆرە خواردنێکی پێ بدرێ و، هەفتەی چەند جار خۆی بشوات و، چ کارێك بکات؟... هتد.
- سەبارەت بە کاریگەری تاوانناسی لەسەر سزاناسی: توێژینەوەکانی تاوانناسی بنچینەو خاڵی دەستپێکی سزاناسین، چونکە ئەم توێژینەوانە بۆ سزاناسی ڕوونی دەکەنەوە ئەم خەڵکە بۆچی تاوان دەکات، ئەمیش لەسەر بنچینەی ئەم زانیاریانە شێوازی گونجاو دەستنیشان دەکات بۆ چاککردنەوەو پاککردنەوەیان.

**دووەم: لەسەر یاسای سزاکان:**

- یاسای سزاکان (قانون العقوبات) ئەو کردارانە وەسف دەکات کە بە تاوان دادەنرێن لەگەڵ ئەو سزایانەی بەسەر ئەنجامدەری هەر یەکێکیان دەسەپێنرێ.
- تاوانناسی و یاسای سزاکان هەردووکیان ئیشیان بەیەکتری هەیە و بەبێ یەکتری هیچیان پێ نەکرێ، بۆ نموونە تاوانناسی کە مامەڵە لەگەڵ تاوان دەکات دەبێ جارێ بۆی ڕوون ببێتەوە تاوان چیە ئینجا بیتوێژێتەوەو بەدوای هۆیەکانیدا بگەڕێ، جا ئەوەی ئەم کارەی بۆ ئەنجام دەدات یاسای سزاکانە، چونکە هەروەك ئاشکرایە تەنها ئەم یاسایە بۆی هەیە بڕیار بدات چ کارێك تاوانەو چ کارێکی تر تاوان نیە.
- بەڵام لەلایەکی تر تاوانناسی کاریگەریەکی زەقی لەسەر یاسای سزاکان بەرپای کردوە، ئەوەتا دەبینین چەندین سیستەم و پرەنسیپ لەناو یاسای سزاکاندا هەن کە لە بنچینەدا هەڵقوڵاوی توێژینەوەکانی تاوانناسین وەك:
    - یەکەم: سیستەمی هەڵوێستە خۆپارێزیەکان:

- هەڵوێستە خۆپارێزیەکان بریتیە لەو کردارو هەڵوێستانەی بەرامبەر ئەو کەسانە وەردەگیرێ کە هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە، بەڵام مەترسی و ئەگەری ئەنجامدانی تاوانیان لێ بەدی دەکرێت.
- جاران تەنها سزا هەبوو، سزاش تەنها ئەو کاتە دەسەپێنرا کە تاوان ئەنجام بدرایە. بەڵام دواتر تاوانناسان سەلماندیان کە هەندێ کەس ئەگەرچی هێشتا تاوانیان نەکردووە، بەڵام چەندین بەڵگەو نیشانەیان پێوەدیارە کە لەماوەیەکی کورت یان درێژی ئاییندەدا تاوانێك ئەنجام دەدەن و، ئەو جۆرە کەسانە مەترسیەکی شاراوەیان لەسەر کۆمەڵگادا هەیە. ئەوەبوو ئیدی داوایان کرد کە لەبەر ئەوەی ناکرێ ئەوانە سزا بدرێن چونکە هێشتا تاوانیان نەکردووە، پێویستە هەندێ هەڵوێستیان لەبەرامبەردا وەربگیرێ تاکو بەرلەوەی زیان بە کۆمەڵگا بگەیەنن ڕێگەیان لێ بگیرێ. ئەوەبوو ئەم سیستەمە لە یاسای سزاکانی زۆربەی وڵاتانی دنیادا بەرقەراربوو.

  - دووەم: سیستەمی بۆ هەر تاوانبارێك سزایەکی تایبەت بەخۆی (نظام تفريد العقوبة):

- جاران هەر تاوانێك لەناو یاسای سزاکان سزایەکی دیاریکراوی هەبوو، هەر کەسێك تاوانەکەی ئەنجام بدایە هەمان سزای بۆ بڕیار دەدراو بەهەمان شێوازیش بەسەریدا جێبەجێ دەکرا، بۆ نموونە لەناو یاسای سزاکان دەگوترا: هەر کەسێك یەکێك زامدار بکات دەساڵ بەند دەکرێت. ئیدی هەر کەسێك کەسێکی تری زامدار بکردایە بە دە ساڵ بەندکردن حوکم دەکرا. بەڵام کاتێك توێژینەوەکانی تاوانناسی سەلماندیان هۆیەکانی تاوان بەپێی جیاوازی کەسایەتی تاوانبارەکان دەگۆڕێن و هەر یەکێکیان بەپلەی جودا تاوانە مەترسییان هەیەو تێدایە، ئیدی وڵاتانی دنیا دەستیان کرد بە گۆڕینی دەقەکانی یاسای سزاکان و سزای تاوانەکانیان پلەپلە کرد، بۆ نمونە دەقەکەی پێشوو بوو بە: هەر کەسێك کەسێکی تر زامدار بکات (2-10) ساڵ بەند دەکرێت. ئەمەش تاکو دادوەر بەپێی ڕادەو پلەی تاوانە مەترسی تاوانبارەکە بڕێکی گونجاوی بۆ بڕیار بدات؛ واتە ئەگەر تێبینی کرد کەسێکی دڕندەو مەترسیدارەو لەمەوبەریش تاوانی دیکەی کردووە دە ساڵی بۆ ببڕێتەوە، ئەگەریش تێبینی کرد بە ناچاری یان پاش تووڕەکردن یان گاڵتەپێکردن کارەکەی

کردووەو ڕابردوویەکی باشی هەیەو پێشتر هیچ تاوانێکی تری نەکردووە تەنها چوار ساڵی بۆ بڕیار بدات یانیش سێ ساڵ یان کەمترینەکە هەڵبژێرێ کە تەنها دوو ساڵە، کە ئەمەش بە سیستەمی (بۆ هەر تاوانبارێك سزایەکی تایبەت بەخۆی ) دەناسرێ.

- سێیەم: سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا (نظام وقف تنفیذ العقوبة):
  - هەمان بیرۆکەی (تاوانە مەترسی) کە لە بواری تاوانناسی سەریهەڵداوە، سیستەمێکی تری لەناو یاسای سزاکان بەرپا کرد کە بریتیە لە سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا. ئەوەتا یاسا ڕێگەی بە دادوەر داوە جێبەجێکردنی ئەو سزایەی بە باڵای تاوانباری دەبڕێ، بەپێی هەندێ مەرجی تایبەتی، ڕابگرێت کاتێك لەڕوانگەی ڕەوشت و ڕابردوو و تەمەنی تاوانبارەکەو ئەو بارودۆخەی تاوانەکەی تێدا ئەنجام داوە بۆی دەردەکەوێ مەترسی دووبارە ئەنجامدانەوەی تاوانی تێدا نیە.

**سێیەم: لەسەر یاسای ڕێوشوێنی دادگاییکردن**

- یاسای ڕێوشوێنی دادگاییکردن (قانون اصول المحاكمات الجزائية) یاسایەکە ڕێساکانی تایبەت بە گەڕان و سوڕان بەدوای تاوان و چونیەتی دەستگیرکردنی گومانباران و لێکۆڵینەوە لەگەڵ کردنیان و دادگایی کردنیان و چۆنیەتی تانەگرتن لە حوکمی دادگایەکان لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەو دامودەزگایانەی بەم کارانە هەڵدەستن.
- کاریگەری توێژینەوەکانی تاوانناسی لەسەر ئەم یاسایە زۆر زۆرە، بۆ نموونە دەبینین سێ سیستەمی زۆر گرنگ لەناو یاسای ناوبراودا پیادە دەکرێن کە لە بنچینەدا لەدایکبووی توێژینەوەی تاوانناسانن و بریتین لە:
  - یەکەم: سیستەمی پشکنینی پێش حوکم:

ئەوەیە کە دادوەر پێش ئەوەی حوکمی خۆی بڕیار بدات، پێویستە هەتا بۆی دەکرێ زانیاری زیاتر لەسەر گومانبار کۆ بکاتەوە چ لەبارەی حاڵەتە دەروونیەکەی چ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیانەی تێیدا ژیاوە. ئەمەش تاکو هەم ئەو هۆیانەی بۆ دەربکەوێ کە بەرەو تاوان پاڵیان داوە، هەم پلەو ڕادەی تاوانە مەترسیشی دەستنیشان بکات. کاتێکیش ئەم شتانەی بەهۆی ئەم پشکنینە قووڵ و وردەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە ئیدی بە ئاسانی دەتوانێ سزایەکی پڕ بەپێستی خۆی بۆ بڕیار بدات کە لەوانەیە لە سزای کەسێکی تر کە هەمان تاوانی کردووە کەمتر بێ ئەگەر هات و تاوانە مەرسیەکەی کەمتر بوو، یان پتر بێت ئەگەر هات و تاوانە مەترسیەکەی پتر بوو.

- دووەم: سیستەمی دادوەری تاوانیی تایبەتمەند:

مانای ئەمەش ئەوەیە کە ئەو دادوەرانەی لە بواری دادگاییکردنی گومانباران کار دەکەن دەبێ تایبەتمەندو پسپۆر بن، واتە بەتایبەتی بۆ ئەم بوارە پێگەیەنرابن، پێویستە لە پەیمانگەی تایبەتی دەرچووبن و، شارەزاییەکی چاکیان لە بوارەکانی تاوانناسی و سزاناسی و دەروونناسی تاوانی و فەلسەفەی سزادان هەبێ، چونکە بەبێ ئەمانە ناتوانن بە ئاسانی بە ڕادەو پلەی تاوانە مەترسی ئەو گومانبارانە ئاشنا بن کە دادگاییان دەکەن، ئەمەش بێگومان یارمەتیان نادات حوکم و سزای گونجاویان بۆ بڕیار بدەن.

- سێیەم: سیستەمی دادوەری جێبەجێکردنی سزا:

بریتیە لەوەی کە دادوەرێکی تایبەتی هەبێ سەرپەرشتی جێبەجێکردن و سەپاندنی ئەو سزایە بکات کە لەلایەن دادگاوە بەسەر تاوانبار بڕیار دەدرێت. هۆو فەلسەفەی ئەم بیرۆکەیەش ئەوەیە کە کەسایەتی تاوانبار دەبێ بەردەوام لەژێر چاودێری دابێ تا ئەو کاتەی حوکمەکەی خۆی تەواو دەکات، لەبەرئەوەی لەوانەیە کاتێك دادوەری تاوانی سزایەکەی بۆ داناوە ئەم سزایە گونجاو نەبێت لەگەڵ پلەی تاوانە مەترسی کە تاوانبارەکە هەیبوە. بۆیە پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە ئەو دەسەڵاتەی هەبێ دەستکاری سزایەکە بکات چ بە زیادکردن چ کەمکردن، واتە بۆی هەبێ زیادی بکات ئەگەر حاڵەتی تاوانبارەکە وای دەخواست، یان کەمی بکاتەوە ئەگەر حاڵەتەکەی وای دەویست.

بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دەسەڵاتە شتێکی ترسناکەو ئەگەر بە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە بدرێ بۆی هەیە بە ناڕەوا بەکاری بهێنێ، پێویست وایە بەکارهێنانی لەژێر چاودێری دادوەرێکی تایبەتمەند بەڕێوە بچێ کە پێی دەگوترێ دادوەری جێبەجێکردن.